خولی ئینگلتەرا مان یونایتد بە دوو گۆڵی بەبەرامبەر لە مان سیتی بردەوە



لە خولی ئینگلتەرا مان یونایتد بە دوو گۆڵی بەبەرامبەر لە مان سیتی بردەوە و سێ خاڵی زۆر گرنگی بەدەست هێنا.

لە یارییەکی هەفتەی 22ی خولی ئینگلتەرا مانچستەر یونایتد لە یاریگای ئۆلترافۆرد میواندارێ لە مانچستەر سیتی کرد.

لە تایمی یەکەمدا یاریبەکە تارادەیەک هاوسەنگبوو بەجۆرێک هیچ لایەکیان نەیاتوانی گۆڵ پێشکەوتن تۆماربکەن، سەرئەنجام ئەم تایمەش بەسپێتی کۆتایی هات.

لە تایمی دووەمدا خاوەن ماڵ باشتربوون و توانیان لە خولەکی 65 لەرێگەی مبیمەوە گۆڵی یەکەم تۆماربکەن.

پاشان مانیو توانیان لە خولەکی 76 لەرێگەی دەرگۆ گۆڵی دووەم و دڵنایی تۆماربکەن.

هەرچەندە سیتی بەردەوام هەوڵی کەم کردنەوەی جیاوازییەکەی دەدا بەڵام سەرکەوتوونەبوون، سەرئەنجام یارییەکە بە دوو گۆڵی بەبەرامبەر لە بەرژەوەندی مانچستەر یونایتد کۆتایی هات.

بەم ئەنجامە مانیو کەی خاڵکانی گەیاندە 35 خاڵ و لە پلەی چوارەمدایە و سیتیش بە 43 خاڵ پلەی دووەمی گرتووە.